گۆڤارێكی فكری، فەلسەفییە دوو مانگ جارێک دەردەچێت



# تێزەکان دەربارەی فیورباخ

كارل ماركس

وەرگێڕانی : سالار ڕەشید

ساڵی نۆیەم .... ژمارە (٤٠) ئابی ٢٠١٣

**ئێزی یەکەم :**

کەموکوڕیی بنەڕەتی تەواوی ماتریالیزمیەکانی هەتا ئێستا ــ بە ماتریالیزمەکەی فیورباخیشەوەــ ئەوەیە کە شت (Gegenstand) واقیعییەت ، دنیای هەستپێکراو تەنها بە شێوەی بابەت (Objekt)، یان بە شێوەی لێوردبوونەوە (تەئەمول) (Anschauung) بە زەین، درکدەکرێن، نەک بە شێوەی چالاکی دیاریکراوی (موشەخەس) مرۆیی، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، بە پێچەوانەی ماتریالیزمەوە، ئایدیالیزم پەرەی بەلایەنی پراتیک داوە، بەڵام تەنها بە شێوەی تەجریدی، چونکە ئایدیالیزم، بە سروشتی حاڵ چالاکیی واقیعیی دیاریکراو، وەک ئەوەی کە هەیە ناناسێت، فیورباخ بابەتی کۆنکرێتیەکانی ئەوێ، کە لە ڕاستیدا جودایە لە بابەتە فیکرییەکان، بەڵام خودی چالاکی مرۆیی وەک چالاکی بابەتی و واقیعیی (gegenstandliche) نابینێت، هەربۆیە لە پەراوەکەیدا کرۆکی مەسیحییەت، جگە لە چالاکی تیۆری هیچ شتێکی تر بە چالاکی تەواوی مرۆیی چاولێناکات، لە کاتێکدا ناڕوانێتە پراتیک و دیاریی ناکات، مەگەر لە شێوەی بازرگانییە پیسەکەیەوە نەبێت ، هەر بۆیە گرنگی چالاکی شۆڕشگێرانەی ڕەخنەییــ عەمەلیی هەست پێناکات.

**ئێزی دووەم :**

مەسەلەی ئەوەی کە ئایا بیرکردنەوەی مرۆیی ڕاستییەکی بابەتیە(gegenstandliche) یان نا، بە هیچ جۆرێک مەسەلەیەکی تیۆریی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی عەمەلییە، پێویستە مرۆڤ لە پراکتیکدا، حەقیقەت بسەلمێنێت، یانی واقعیبوون و بە هێزی بیرکردنەوەی و هەبوونی(Diesscitigkeit) ئەم بیرکردنەوەیە لەم دنیای ئێمەدا مشتومڕکردن لەسەر واقیعیبوون و نەبوونی بیرکردنەوەی دابڕاو لە پراتیک، لە مەسەلەیەکی سکولاستیی پەتییە.

**ئێزی سێیەم :**

تیۆری ماتریالیستیی، کەپێیوایە خەڵک بەرهەمی هەلومەرج و پەروەردەیە و لەو بڕوایەدایە کە بۆ گۆڕینی خەڵک، پێویستە هەلومەرج و پەروەردە بگۆڕدرێت، ئەوە فەرامۆش ئەکات، کە ئەوە خودی خەڵکە هەلومەرج ئەگۆڕێت و ئەوە خودی پەروەردەکەرە، کە پێویستی بە پەروەردە هەیە، لە ڕوانگەی تیۆرێکی ئاوەهاییەوە، بە ناچار کۆمەڵگە ئەبێت بە دوو بەشەوە، کە یەکێک لەو دوو بەشە لە خودی کۆمەڵگە باڵاترە بۆ نموونە، لەلای ڕۆبەرت ئەوین.

بەراووردکردنی گۆڕانی هەلومەرج و چالاکی مرۆیی،یان ئاڵوگۆڕی خۆبەخۆ، تەنها لە ڕووی پراتیکی شۆڕشگێڕانەوە دەتوانرێت لێی بڕوانرێ و بە شێوەیەکی عەقڵانی درکی پێ بکرێت .

**ئێزی چوارەم :**

فیورباخ لەو واقیعەوە دەستپێئەکات،کە ئاین مرۆڤ لە خودی خۆی دوورئەخاتەوە، لەسەر ئەم بنچینەیە جیهان ئەکات بە دوو بەشەوە : جیهانێکی ئایینی خەیاڵی و دنیایەکی واقیعی، کاری ئەو لەو چوار چێوەیەدا، کە جیهانی ئایینی لە دنیای واقیعیدا کە پایەی جیهانی ئایینیە لە نێوبەرێت ، ئەو لەوە بێئاگایە کە هەر کاتێک ئەم کارە تەواو بوو، ئەوا مەسەلەی بنەڕەتی هەر وەک



فیورباغ

خۆی ماوەتەوە، لە ڕاستییدا دنیای واقیعی خۆی جیائەکاتەوە لە خودی خۆی و بە وێنەی قەڵەمڕەوێکی سەربەخۆ، خۆی لای هەورەکان جێگیر ئەکات، ئەم جیاکردنەوەیە تەنها لەسەر بنچینەی کێشەو ناکۆکیە دەروونیەکانی دنیای واقیعیی ئەشێ شی بکرێتەوە، کەواتە پێویستە یەکەم : جیهان لە ناکۆکییەکانی خۆیەوە درک بکرێت، تاوەکو بتوانرێت دواتر (جیهان/وەرگێری کوردی) بە شێوەی شۆڕشگێرانە و بە ڕێگای لابردنی ئەو ناکۆکییانە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بهێنرێت، بۆ نموونە، هەروەکو زانیمان کە خێزانی زەمینیی ڕاز و نهێنیی خێزانی ئاسمانییە ، ئیتر ئەبێ ڕەخنەی تیۆریی لە خودی خێزانی زەمینی بگیردرێت و بە پراتیک ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی بەسەردا بهێنرێت.

**تێزی پێنجەم :**

فیورباخ، کە بە بیرکردنەوەی ڕوت ڕازی نەبوو، پەنای بۆ لێبووردنەوەی هەستیی (حسی) ئەبرد، بەڵام جیهانی هەستپێکراوی وەک بەرهەمی پراتیکی دیاریکراوی مرۆڤ نەدەبینی .

**تێزی شەشەم :**

فیورباخ ئەگەر چی کرۆکی ئاینی لە کرۆکی مرۆیی دەتوێنێتەوە، بەڵام (ئەوە لەبەرچاوناگرێت) کە کرۆکی مرۆیی، کارێکی دابڕاو لە دەروونی تاکی مرۆیی جودا لە تاکەکانی دیکە نییە ، لە ڕاستییدا ئەم کرۆکە بۆ خۆشی، کۆی تەواوی پەیوەندیە کۆمەڵاتییەکانە .

فیورباخ، کە ڕەخنە لەم کرۆکە ڕاستەقینییە ناگرێت، ناچار ئەبێت کە :

١/ڕەوتی مێژوو لە بەرچاو نەگرێت و بە پێی ئەو گریمانەیەی کە تاکی مرۆیی دابڕاو و جودا لە یەکتر لە ئارادایە، وا دەڕوانێتە هەستی ئایینی Gemut. کە شتێکی لە گۆڕان نەهاتووە و خۆی بۆ خۆی لە ئارادایە.

٢/ سەرەئەنجام کرۆکی مرۆیی تەنها بە وێنەی (جۆر) بە وێنەی شتێکی یەکپارچەیی دەروونی کەڕ، کە هەڵگری پەیوەندی ڕووتی سروشتی تاکەکانن بە یەکتریەوە، لەوبەرچاودەگرێت.

**تێزی حەوتەم :**

بە پێی ئەوە فیورباخ، ئەوە نابینێ کە (هەستی ئایینی) بۆخۆشی بەرهەمی کۆمەڵاتییە و تاکی ڕووتی مرۆیی کە ئەو (واتە، فیورباخ/وەرگێڕی کوردی) شیدەکاتەوە، لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەو پەیوەستە.

**تێزی هەشتەم :**

هەر جۆرە زیندەگییەکی کۆمەڵایەتی لە ناوەڕۆکدا، پراکتیکیە، ڕێگەچارەی ژیرانەی هەموو نهێنییەکان، کە تیۆری لە سۆفیگەری دووربخاتەوە، لە پراتیکی مرۆیی و تێگەیشتن لەو پراکتیکیە، سەرچاوەی گرتوە.

**تێزی نۆیەم :**

بالاترین بەرئەنجامێک کە ماتریالیزمی تەئەمولیی، یانی ماتریالیزمێک کە چالاکی هاستەکان بە چالاکی پراتیکی دانانێت، پێی بگات ئەوەیە، کە چالاکی هەستەکان، شێوە تەئەمولی تاکەکانی دابڕاو لە یەکتری (کۆمەڵگەی مەدەنی ) ن.

**تێزی دەیـــەم :**

دیدگای ماتریالیزمی کۆن، (کۆمەڵگەی مەدەنی) یە ، دیدگای ماتریالیزمی نوێ کۆمەڵگەی مرۆیی یان مرۆڤایەتییە، کە خەسڵەتی کۆمەڵایەتیبوون، تایبەتمەندیەتی.

**تێزی یانزەیەم :**

فەیلەسوفەکان، بێجگە لە شیکردنەوەی جیهان بە شێوازی جۆراوجۆر، کارێکی دیکەیان نەکردووە، بەڵام قسە لەسەر گۆڕینیەتی.

*کارڵ مارکس، لە بەهاری ساڵی ١٨٤٥ دا نوسیویەتی، ئەنگڵس بۆ یەکەمجار، لە ساڵی ١٨٨٨ وەکو پاشکۆی پەرتوکەکەی (لودڤیگ فیورباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی) بڵاوکردۆتەوە.

*بە پێی دەقی چاپی ١٨٨٨ کەلەگەڵ دەسنوسەکەی مارکس بەراورد کراوە دەرهاتووە،وەرگێرانی لە ئەڵمانیەوە.

**سەرچاوەکان :**

١-لودفیغ فورباخ ونهایه الفلسفیه الکلاسیکیه الالمانیه، فریدریک انجلس، دار التقدم، موسکو،١٩٧١.

٢- تزهایی دربارەی فویرباخ،کارل مارکس، ترجمه : باقر پرهام،پیشگفتار : م. رازی بازنویس : یاشار اژری

http:/www. javaan. net/nashr-htm٣

تێبینی: دەقە ئەسڵییەکە هیچ پەراوێزێکی لەگەڵدا نییە، پەراوێزەکان لەلایەن ئێمەوە دانراوە، هەر ڕونکردنەوەیەکیش ئەگەر لە نووسراوە فارسییەکەوە وەرگیرابێ ئاماژەیان پێکردووە.


ئایدیا
تەنها بیرکردنەوە
ئازادمان دەکات
ئاشنابوون بە
بێرتراند
راسل
پۆل ستراتێرن
لە فارسییەوە: مەجید مارابی

# ئیسلامگەرا



میتۆدێک
دوور لە بەرامەی
نەتەوایەتی و کوردبوون




میانرەوی
لە ڕێبازی ئیسلامی
سیاسیدا



دیدارێک لەگەڵ
عەبدولکەریم سروش